حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران ـ فاکەلتی پەروەردە
بەشی زانستە کۆمەلایەتیەکان(ئێواران)

# بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێلە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ

﴿لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای کشتوکاڵ وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پێشکەشە بە سەرۆکایەتی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کراوە﴾

**لەلایەن قوتابی**

**احمد حسن عمر**

**بەسەرپەرشتی**

**م.ی. شێروان حسێن بالەکی**

٢٠٢١ زاینی ٢٧٢١ کوردی ١٤٤٢ کۆچی

## **بڕیاری سەرپەرشتیار**

دان بەوە دادەنێم کە ئەم لێکۆلینەوەبە ناوی بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێلە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ) ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی (احمد حسن عمر) لە ژێر سەرپەریشتی من وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

واژوو :

ناوی سەرپەرشتیار : م.ی. شێروان حسین بالەکی

بەروار / / / ٢٠٢١

..........................................................................................................................

## **راسپاردەی بەشی زانستە کۆمەلایەتیەکان**

پاڵپشت بەراسپادەی سەرپەرشتیار ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵدەبژێرم بۆ گفتوگۆکردن .

واژوو :

ناو : م.ی. بحری لطیف

سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەلایەتیەکان

بەروار / / / ٢٠٢١

# بریاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ . چاومان خشاند بەم لێکۆلینەوەیە کە بە ناونیشانی بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێلە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ) ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی (احمد حسن عمر). گفتوگۆمان کرد لەگەل قوتابیانی ناوبراو لەسەر ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کە پەیوەندیان پێوە هەیە .بریارماندا بە قبول کردنی ئەم لێکۆلینەوەیە بە پلەی(......................................)

ناو :

سەرۆکی لیژنە

بەروار/ / /٢٠٢١

ناو :

ئەندامی لیژنە

بەروار/ / /٢٠٢١

**پوخته**

ئەم لێکۆڵینەوەیەم دەربارەی (بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێله (گەنم و جۆ) له ناحیەی مەزنێ ،لێکۆڵینەوەیەک له جوگرافیای کشتوکاڵه هەولێکه بۆ ناساندن و شوێنی ئەنسترۆنۆمی ڕەهەندی مێژووی  و جوگرافیای ناحیەی مەزنێ و دیاری کردنی دیاردە سروشتیەکان و هەڵکەوتەی جوگرافیای ناحیەی مەزنێ لەسەر هەڵکەوتەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاری کردنی ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەکە و وە ئەو ڕێگایانەی کە دەچنە ناوچەکە بۆ گواستنەوەی کشتوکاڵی و بازرگانی و گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وە لە توێژینەوەکەم شێوازەکانی بە بازار کردن و سەرمایە بۆ بەرهەمەکانی دانەوێڵە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەدا باسی دابەشبوونی جوگرافیای بەربوومی کشتوکاڵی و بە تایبەت دانەوێلە و ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنانی (گەنم و جۆ) لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە شێوازی ئاماری، وە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەم گیروگرفتەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەتایبەت (گەنم و جۆ) لە ناوچەکە و ناوچەی لێکۆلینەوە بە تایبەت.

**پیشکەشە بە**

- پیشکەشە بە دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە هاندەرم بوون لە هەموو قۆناغەکانی ژیان.
- پێشکەشە بە خوشک و براکانم.
- پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی گیانی خۆیان فیدای پاراستنی نشتیمان کرد

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای خۆشەویستم بەرێز (م.ی. شێروان حسێن شینک باڵەکی) کە سەرپەرشتی لێکۆلینەوەکەم بوو بە بیرێکی پڕ لە زانست و زانیاری.
- سوپاس بۆ فەرمانبەرانی (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر، بەشی پلان دانان)
- سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی مەزنێ.
- سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بەیەک وشەش بێت هاوکاریان کردم.

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پوختە | IV |
| پێشکەشە یە | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پێرستی نەخشە | VII |
| پێرستی خشتە | VII |
| پێشەکی | ١-٣ |
| ١ـ چوار چێوەی لێکۆلینەوە | ٤-٨ |
| ١-١ ناساندنی بابەتی لێکۆلینەوە | ٤ |
| ١-١- ١ شوێنی جوگرافی | ٤ |
| ١-١-٢ شوێنی ئەنسترۆنۆمی | ٥ |
| ١-٢ رەهەندی مێژویی و مێژووی کشتوکالکردن لە ناوچەی لێکۆلینەوە | ٧ |
| ١-٣ رەهەندی دیمۆگرافی | ٧ |
| ٢ـ بنەما جوگرافییەکانی کشتوکالکردنی دانەوێلەی گەنم و جۆ لە ناحیەی مەزنێ | ٩-٢١ |
| ٢ـ ١ بنەما سروشتییەکانی کشتوکالکردنی دانەوێلەی گەنم و جۆ لە ناحیەی مەزنێ | ٩ |
| ٢-١-١- بەرزی و نزمی | ٩ |
| ٢-١-٢- ئاو و هەوا | ١٠ |
| ٢-١-٣- دەرامەتی ئاو | ١١ |
| ٢- ١ـ ٤ خاک | ١٤ |
| ٢-١- ٥ تیشکی خۆر | ١٥ |
| ٢-٢ـ بنەما مرۆییەکانی کشتوکالکردنی دانەوێلەی گەنم و جۆ لە ناحیەی مەزنێ | ١٦ |
| ٢-٢-١ دانیشتوان و هێزی کار | ١٦ |
| ٢ـ٢ـ ٢ سەرمایە | ١٧ |
| ٢-٢ـ ٣ بازار | ١٨ |
| ٢-٢-٤ گواستنەوە و گەیاندن | ١٩ |
| ٢-٢-٥ سیاسەتی حکومەت | ٢٠ |
| ٣- دابەشبونی جوگرافی بەروبومی دانەوێلەی گەنم و جۆ و گیروگرفتەکانی لە ناحیەی مەزنێ | ٢٢-٢٩ |
| ٣-١ـ ١ گەنم | ٢٤ |

٣-١. ٢ جۆ.......................................................................... ٢٤
٣. ٢ گیروگرفتەکانی بەروبومی دانەوێڵە ( گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ.......................... ٢٦
٣. ٢. ١ گیروگرفتە سروشتییەکان ........................................................ ٢٦
٣. ٢. ٢ گیروگرفتە مرۆییەکان ........................................................... ٢٧
دەرەنجام ............................................................................ ٢٩
پێشنیار............................................................................. ٣٠
لیستی سەرچاوە ....................................................................... ٣١

## پێرستی نەخشە

ناونیشان لاپەرە

نەخشەی ژمارە (١) ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر ................٦
نەخشەی ژمارە (٢) دەرامەتی ئاو لە ناوچەی لێکۆلینەوە..............................................١٤
نەخشەی ژمارە (٣) رێگا و بان لە ناوچەی لێکۆلینەوە................................................٢٠

## پێرستی خشتە

ناونیشان لاپەرە

خشتەی ژمارە (١)روبەری چاندراوی بەروبومی گەنم لە سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە لە سالی ٢٠٢٠..٢٣
خشتەی ژمارە (٢)روبەری چاندراوی بەروبومی جۆ لە سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە لە سالی ٢٠٢٠....٢٥

## پێشەکی

کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لەو کەرتانەی کە پەیکەری ئابووری زۆربەی ولاتانی جیهان پێک دێنێت جا ئەو ولاتە پێشکەوتوو بێت یاخود دواکەوتوو بە واتایەکی تر ئەم کەرتە بەشداری دەکات لە پێک هێنانی پەیکەری ئابووری.

## کێشەی لێکۆلینەوە

کێشەی بەرهەم هێنانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بۆتە یەکێک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی زۆرێک لە ولاتانی دونیا بۆتەوە لە نێوانیاندا هەرێمی کوردستان کە زۆر بە زەقی ڕووبەڕووی ئەم گرفتە بۆتەوە جا گرنگی ئەم کێشەیە لەوەدایە کە بەندە بە ژیانی مرۆڤەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لە ژیانی مرۆڤ دەکات چونکە بەربوومە کشتوکاڵیەکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ دابین کردنی خۆراکی دانیشتوان وە دەرکەوتنی ئەم کێشەیەش لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی کشتوکاڵی دادەنرێت بە پێی ئەو ئاوهەوا و ژینگە و ئەو خاکە بە پیتەی کە هەیەتی سەرەڕایی ئەمەش ئامادەیی تێدایە بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی گشتی بە تایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ هەرێم ئەگەر گرنگی پێ بدرێت.

## گرنگی لێکۆلینەوە

بە پێوست زانرا ئەم توێژینەوەیە لەسەر (بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵکردنی دانەوێڵە)بە نموونە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ ئەنجام بدەین کە ئەم دوو بەربوومە گرنگیەکی زۆریان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی گرنگیەکی گەورەی هەیە چونکە ئامانجی چالاکیە کشتوکاڵیەکان دابینکردنی کەرستەی خۆراکە بۆ پڕکردنەوەی پێداوستی دانیشتوان بۆیە هیوادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ڕێگای ئەم پلانە ستراتیجیەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ دایناوە گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنام بدات لەم کەرتەدا  بۆ بنیات نانی ژێر خانێکی ئابووری بەهێز.

جگە لەمە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆلی گرنگی کەرتی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاد بوونی بەردەوامی خواست و گرنگی بەرهەم هێناهی بەربوومی دانەوێلە (گەنم و جۆ) وەکو خۆراکی سەرەکی دانیشتوان.

**ئامانجی لێکۆلینەوە**

ئامانج لە نوسینی ئەم لێکۆلینەوەیە، ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنان و ڕووبەڕی چاندراوی بەرووبوومی دانەوێلە (گەنم و جۆ) دەرخستنی برشتی بەرهەمی هەر دۆنمێک لە ناحیەی مەزنێ. ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زانینی ئەو گرفتانەی کەر روبەرووی ئەم بەرهەمە دەبنەوە تابتوانرێت رێگە چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

**میتۆدی لێکۆلینەوە**

هەر لێکۆلینەوەیەکی زانستی میتۆدێک یان چەند میتۆدێک بەکاردەهێنێت بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامی لێکۆلینەوەکەی، لەم لێکۆلینەوەدا هەولدراوە سوود لە میتۆدی وەسفی بۆ خستنەروی چەمک و بابەتەکانی توێژینەوە وەربگیرێت، هەروەها سود لە میتۆدی شیکاریش وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان  بەمەستی باشتر دەخستنی ئەو گۆرانکارییانەی لە ناوچەی لێکۆلینەوە کراوە لەروی برشتی بەرهەم و جۆری بەرهەمەکانب نی ناوچەی لێکۆلینەوە.

**گریمانەی لێکۆلینەوە**

لەم لێکۆلینەوەیدا وەک وەلامدانەوەیەکی پێش وەختە پشت بە چەند گریمانەیەک بەستراوە لەوانە:

١- زەوی شیاو لە ناوچەی لێکۆلینەوە روبەرەکەی زۆرە و بەلام برێکی کەمی سودی لێوەردەگیرێت بۆ چاندنی بەرهەمی دانەوێلە (گەنم و جۆ).

٢- بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ زیادکردنی بەهەمی دانەوێلە لە ناوچەی لێکۆلینەوە.

٣- پلان بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمی کشتوکالی بەتایبەت کشاوکالکردنی دانەوێلە بەشێوەیەکی زۆر باش نیە.

**پلانی لێکۆلینەوە**

لێکۆلینەوەکە بەمەبەستی باشتر دەرخستنی ئامانجەکەی  لە سێ بەش پێک هاتووە، هەر بەشیک دابەشی سەر چەند تەوەرێک کراوە لە بەشی یەکەمدا باس لە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە لەگەل کورتە باسێکی ناوچەی لێکۆلێنەوە لە ڕووی مێژووییەوە، لەبەشێ دووەمدا باس لە بنەما جوگرافیەکانی بەربوومی دانەوێڵە لە ناحیەی مەزنێ کراوە کە دابەش سەر دوو تەور دەبێت تەوەرەی یەکەم بنەما سروشتیەکانی بەربوومی دانەوێلە وەکو (بەرزی و نزمی، ئاو و هەوا، دەرامەتی ئاو، خاک، تیشکی خۆر، سەرمایە، بازاڕ، گواستنەوە، سیاسەتی حکومەت، بەشی سێیەم لە دوو تەوەر پێک هاتووە تەوەرەی یەکەم دابەشبوونی جوگرافی بەربوومی دانەوێڵە گەنم و جۆ تەوەرەی دووەم گیرو گرفتەکانی بەربوومی دانەوێڵە گەنم و جۆ کە ئەویش دابەش دەبێ بۆ گیروگرفتی سروشتی و مرۆیی.

## ١- چوار چێوەی لێکۆلینەوە

### ١-١ ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە

لەم لێکۆلینەوەیەدا کە بەناونیشانی بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێلە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێیە. مەبەست لەم لێکۆلینەوەیە لە تەوەری یەکەمدا باس لە ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە دەکرێت کە تیایدا تیشک دەخرێتە سەر ناوچەکانی دەور و بەر و شوێنی ئەنسترۆنۆمی ناوچەکە بەمەبەستی ناساندنی خەسلەتە سروشتیەکانی ناوچەکە ئەویش بەم شێوەی خوارەوە:

### **١.١.١ شوێنی جوگرافی**


شوێنی جوگرافی یەکێکە لە بنەما سروشتییە سەرەکیەکان لە هەر ناوچەیەک، گرنگی شوێنی جوگرافی لەوەدا دەردەکەوێت کە چوارچێوەی جوگرافی ناوچەکە و سیمای سروشتی و ئابووری و کومەلایەتی ئەو مەلبەندە دیاری دەکات کە تیایدا هەیە(هۆگر جمیل ئەحمەد، ٢٠١٠، ل٣٨) . سەبارەت بە ناوی مەزنێ دەلێن لە کۆندا دانشتوانی ناوچەکە کەسانی مەزنێ تێدا نشتەچی بوون و لای خەڵکەکە ڕێز لێگیراو بوون بۆیە ناوی مەزنێی ی کەوتۆتە سەر.(چاوپێکەوتن، میرزا قادر)، ناحیەی مەزنێ دەکەوێتە سنوری قەزای مێرگەسۆر کە سەر بە پارێزگای هەولێر ڕووبەرەکەی (٣١.٩٨)دۆنمە، لەروی شوێنی جوگرافیەوە باکوری ڕۆژئاوای ناحیەکە قەزای مێرگەسۆرە کە ٢٢ کم لە سەنتەری ناحیەکە دوورە لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سیدەکانە ٤٣کم دوورە لە سەنتەری ناحیەکە وە لە ڕۆژئاوایەوە زێی گەورەیە. (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر هۆبەی ئامار، ٢٠٢١).

### ١-١-٢- شوێنی ئەنسترۆنۆمی

مەبەست لە شوێنی فەلەکی واتە شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی کە گرنگیەکی زۆری هەیە لە رووی ئاو و هەواوە چونکە لەم رێگایەوە دەتوانین خاسیەتە سەرەکیەکانی ئا و هەوا و گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر و جیاوازی درێژی شە و و رۆژ و وەرزەکانی سال بزانین(عبدالله غفور، ٢٠٠٨، ل٤). ئەوەی پەیوەندیدارە بە شوێنی ئەنسترونومی ناحیەی مەزنێ دەکەوێتە سەر هێڵی بەیەک گەیشتنی هێڵی درێژی(٤٤-٣٣ وە ٣٧-٤٨) ڕۆژهەلات و بازنەی پانی (٣٦-٤٢ وە ٢٣-٤٤) باکور جیاوازی بەرزی و نزمی لە ناحیەی مەزنێ لە نێوان (٧٠٠- بۆ ٢٠٧٦) لەسەر ئاستی ڕووی دەریا.(بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر هۆبەی ئامار، ٢٠٢١). شوێنی ئەنسترۆنۆمی گرنگیەکی زۆری هەیە لەرووی ئاو و هەوا وە ئەو برە تیشکەی کە دەگاتە سەر رووی زەوی' ئەو جیاوازیەش لە وەرزێکەوە تا وەرزێکی تر دەگۆرێت وە جیاوازی لە رووی پلەی گەرمی لە ناوچەیەکەوە یۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە لە مەودای گەرمی سالانە' ئەمە بازنەکانی پانی بە شێوەیەکی ئاشکرا و گەورە کاریگەری لەسەر دابەشبوونی بری باران بارین هەیە،  ئاو و هەوای سۆران زستانی سارد و باراناوییە و هاوینان گەرم و شێدارە، لەزستاناندا بەڕێژەیەکی مامناوەند بەفری لێدەبارێت وەرزی بەهاریشی پڕ بارانە.

نەخشەی ژمارە (١)

ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی ( ARC GIS) داتاکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ,وەزارەتی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە, بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی مێرگەسۆر, بەشی موڵکایەتی زەوی, ٢٠١٩، بڵاو نەکراوە.

## ١-٢-ڕەهەندی مێژووی و مێژووی کشتوکاڵ کردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

گەرانەوە بۆ مێژوو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێگەیشتنی جوگرافیای مرۆیی لە هەر ناوچەیەک لە ئیستادا، بەتایبەت لە جوگرافیای دانیشتوان دا (زریان شێخە ئەحمەد ، ٢٠١٧، ل١٧)، ناحیەی مەزنێ سەرتا گوندێک بووە سەر بە ناحیەی دیانای قەزای ڕواندز بووە لە ساڵی ١٩٩١ خراوەتە سەر قەزای مێرگە سۆر ساڵی ٢٠٠١ کراوە بە ناحیە دانیشتوانی ناحیەکە لە یەک عەشیرەتی سەرەکی پێک هاتووە کە دۆلەمەریە.لە کۆندا ئاینی جیا لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی مەزنی ژیاوان وەک (جوو، مەسیحی) ئەمەش نیشانەی پێکەوەژیان و فرە ئاینی بووە لە ناوچەکە .

مێژووی چاندنی گەنم و جۆ لە ناوچەکە هەر لەو کاتەی دانیشتوانی لێ نشتەجێ بوون کشتوکاڵیان کردووە بە تایبەتی گەنم و جۆ لە کوندا زیاتر پشتیان بە ئاژەڵ بەستووە بۆ کێلانی زەویەکانیان مەبەستی سەرەکیشیان پەیداکردنی بژێوەی ژیانیان و پەیداکردنی ئالیک بوە بۆ ئاژەڵەکان.(بەڕیوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر).

## ١-٣ رەهەندی دیموگرافی

وەک ئاشکرایە هەر گۆرانێک بەسەر قەبارەی هەر ناوچەیەک دا بێت کاریگەری زۆری لەسەر شێوازی دابەش بوون و چری دانیشتوانەکەی دا دەبێت بۆیە لێکدانەوەی دانیشتوان لە هەر ناوچەیەک یان هەر هەرێمێک دا دەست نیشانێکی باشە بۆ زانینی پێشکەوتنی ئەو ئاراستەی پێیدا تێپەر دەبێت (ساسام حکمت علی، ٢٠٠٥، ل٢٠). دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت جیاوزی دابەشبوونی دانیشتوان لە هەر هەرێم و ناوچەیەکدا زادەی کارلێککردنی نێوان چەندین فاکتەری سروشتی و مرۆین، گرنگی ئەم بابەتەش لەوە دەردەکەوێت کە زانینی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەر پلانێک دەبێت بە ئامانجی بەرەو پێشبردن و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی (سەعید،٢٠١٣، ل٣٧)

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕووی دانیشتوانەکەی لە ڕووی نەتەوە و ئاینەوە لە یەک نەتەوە و یەک ئاین پێک دێن کە نەتەوەی کورد و ئاینی ئیسلامە، دیمگرافیای ناحیەی مەزنی لەم ساڵانەی دوایدا گۆڕانکاری تێدا ڕوویدا کە دانیشتوانەکەی لە گوندەکانەوە کۆچیان کرد بۆ سەنتەری ناحیەکە بووە هۆی فروانبوونی ناحیەکە کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی کۆچی ناوەخۆ.

## ٢ -بنەما جوگرافیەکانی کشتوکاڵکردنی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنی

### ٢. ١ بنەما سروشتیەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێڵەی گەنم و جۆ لە ناحیەی مەزنێ

بنەما سروشتیەکان کە بریتن لە (ڕووی زەوی و ئاو هەوا و خاک و دەرامەتی ئاو و تیشکی خۆر)کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ،

**٢. ١. ١ بەرزی و نزمی**

دەشتەکان لەبارترین و گونجاوترین شوێنە بۆ سەرکەوتنی کشتوکاڵ ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تەختی زەوی کشتوکاڵی گرنگترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی پیشەی کشتوکاڵی، چونکە زەوی تەخت و دەشتایی بەکەمی توشی ڕامالین و دامالین دەبێت، هەروەها توانایی لە خۆگرتنی ئاو و پیادا ڕۆیشتنی ڕەگەکانی ڕووەک بۆ ناو خاک وە ئاسانی بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازە کشتوکاڵیەکان و گونجان بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئاودێری باش وە ناوچە دەشتایەکان بەهۆی تەختاییەوە ئاسانە بۆهاتوچۆ بەڵام ناوچە شاخاویەکان هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی باسکران کەمە و کۆسپە لەبەردەم کشتوکاڵ.(محمدامین، ٢٠١٤، ل٢٣٩)

سەبارەت بە ناحیەی مەزنێ دابەش دەبێت بۆ دوو ناوچەی بەرزی و نزمی کە بریتین لە (ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی قەزای مێرگە سۆر لە پێنج ناحیە پێک دێت لە هەر پێنج ناحیە کە ڕووبەرێکی دەشتایی کشتوکاڵی هەیە بەڵام ناوچەی لێکۆڵینەوە سنورەکەی کەمتر شاخاویە بە بەراورد بە ناحیەکانی تری قەزای مێرگەسۆر بەرزی و نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان (٧٠٠-٢٠٥٨م)دایە لە ئاستی ڕووی دەریا، لە باکوری ناحیەکە چیای قەلەندەرە کە بەرزیەکەی (١٨٣٣)م لە ئاستی ڕووی دەریا لە باشوری چیای (برادۆست)ە بەرزیەکەی (٢٠٥٨م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەرچەند ئەم چیایانە ناوچەی شاوخاوین بەڵام چەندین جۆرە کشتوکاڵی لێدەکرێت، بەڵام

بەشێوەیەکی گشتی بەشی زۆری ناوچەکە شاخاویە و ڕیگرە لەبەردەم بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی دانەوێلە وەک (گەنم و جۆ).

نەخشەی ژمارە(٢) بەرزی و نزمی ناحیەی مەزنێ

**٢. ١. ٢ ئاو و هەوا**

تایبەتمەندی ئاو وهەوای هەر ڕووبەرێکی جوگرافی فاکتەری بریاردەرە بۆ خولقاندنی سیستەمێکی ئاو هەوای تایبەت بەخۆێ کە خاوەن کۆمەڵێک خەسلەتی ئاو وهەوای تایبەتی خۆی بێت واتە هەموو ناوچەیەکی جوگرافی ئاو هەوایەکی تارادەیەک تایبەتی هەیە، ئاو وهەوا وەک گەورەترین بنەمای سروشتی کاریگەری لەسەر جۆر و بڕی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان هەیە لەسەر دابەشبوونی بەروبوومەکان.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٠)

ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئاو وهەوای (دەریای ناوەڕاست)مامناوەند و وشک لە هاویندا، سارد و باراناوی لە زستاندا دوو کیشەی سەرەکی ئاو وهەوای ڕووبەڕووی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە بە تایبەتی بەروبوومی گەنم و جۆ کە بەروبوومی دێمن بریتیە لە:-

کەمی باران

ماوەی وشکی و وشکە سالی

بەڵام ئەم دوو حالەتانە کەمتر توشی ناوچە شاخاویەکان دەبێت کە ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە ناوچە شاخاویەکانە.

دابارین:-

ناوچەی لێکۆلینەوە هەموو جۆرە شێوەکانی دابارین وەک (باران و بەفر و تەرزە) بەخۆیەوە دەبینی:-

أ- باران:-

دیارتین و بڵاوترین جۆری دابارینە بەهۆی ئەوەی کەپلەی گەرمی لە زۆربەی هەرێمەکانی سەر زەویدا بەرزترە لە پلەی بەستن، وە بەفر و تەرزە لە کاتی تێپەڕبوونیاندا لە چینە گەرمەکانی هەوادا

دەتوێنەوە و لەسەر شێوەی بەفر دەگەنە زەوی وە قەبارەی دڵۆپە بارانەکان جیاوازە، دابەشبوونی بارا بەپێی کات و شوێن جیاوزە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە بەرزایی چیاکاندا باران زیاتر دەبارێت.( سمور، غانم،٢٠١٢، ل١٣٠)

باران شێوەی سەرەکیە لە شێوەکانی دابارین لە ناحیەی مەزنێ کە بەکاریگەرترین ڕەگەز دادەنرێت لەسەر بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ کە پشت بە باران دەبەستێت وە تێکڕایی باران بارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە (٥٠٠)ملم دانابەزێ تاکوبەرەو باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بڕۆین باران زیاتر دەبێ.

ب- بەفر:-

لە چینە بەرزەکانی هەودا دروست دەبیت کاتێک کەبلورە سەهۆڵیەکان گەورە دەبن و قەبارەیان (٢,٥)سم تێناپەڕێت بۆ ئەوەی بەفر بگاتە سەر رووی زەوی پیوستە پلەی گەرمی نێوان ڕووی زەوی و چینە بەرزەکان نزم بێت ئەگەر پلەی گەرمی چینی هەوای ڕووی زەوی زیاتر بێت لە (°_٣ س)ئەوا بەفرەکە دەتوێتەوە و لەسەر شێوەی باران دەگاتە سەر زەوی.(هەمان سەرچاوی پێشوو)

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە  لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاویین سالانە بەفری لێدەبارێت بەڵام بارینی بەفریش جیاوازی هەیە لە بری باران لە شوێنە جیاوزەکانی هەردوو چیای قەلەندەر و برادۆست کە دەکەونە باکورو باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵانە بەفرێکی زۆری لێدەبارێت بەڵام سنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەفری کەم لێدەبارێت بەڵام لەبەر زۆری باران بارین کاریگەری بەسەر (گەنم و جۆ) کەمترە.

ج- تەرزە:-

دروست دەبێت لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی دلۆپە ئاوەکان لەگەڵ تەوژمە سەرکەوتووەکاندا بۆ چئینە ساردەکانی هەوا نزیکەی (°_٣٠ س)دلۆپە ئاوەکان دەبەستێت و بەپێی توندی تەوژمە سەرکەوتووەکان قەبارەیان دەگۆڕدرێت وە لە ڕووی قەبارەوە جیاوازە، تەرزە بەشێوەی جیاوز دەگاتە سەر زەوی دیارترینان بریتیە لە شێوەی گۆیی و هێلکەیی(هەمان سەرچاوەی پیشوو)

له ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆر کات لەوەرزی زستان و بەهار تەرزە دەبارێت و هەندێک جار زەرەر و زیان بەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکا ن دەگەیەنێت بەتایبەتی وەرزی بەهار.

**٢. ١. ٣ دەرمەتی ئاو**

هەرێمی کوردستان سێ شێوە دەرامەتی ئاوی هەیە کە بریتین لە (باران و بەفر، ئاوی ژێر زەوی ئاوی سەرزەوی)بڕی باران و بەفری تواوە کار لە سروشتی ئاوەڕۆی سەرزەوی و ژێر زەوی ئاو دەکەن لەمەشدا پشت بە جیاوازی کاتی و شوێنی کەژی و ساڵانەیان دەبەستن کەواتە بەفەر و باران سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوین. (کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ،لا ١٢)

هەر چەندە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو بەڵام سود وەرگرتن لەم سامانە لە چوارچیوەیەکی تەسکدایە و بەشی زۆری دەرامەتی ئاوی بەفیڕۆ دەڕوات بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا.( محمدامین،٢٠١٤، لا١٥٥) زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی پیشەسازی و فراوانبوونی چالاکی کشتوکاڵی و نەبوونی پلانێکی باش بۆ پاراستنی ئاو لە پیس بوو بۆتە هۆی پیس بوونی ڕەگەزەکانی ژینگە بەتایبەت ئاو وهەوا. (سمور، غانم،٢٠١٢، لا ١٨٣)ناوچەی لێکۆڵینەوەش دووچاری پیس بوونی دەرامەتی ئاو دەبێت و کاریگەری هەیە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ.

أ- ئاوی ژێر زەوی

بریتیە لەو ئاوەی لە ژێر زەویدا پەنگی خواردۆتەوە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارلێکە گرکانیەکان و توانەوەکانی ناو جەرگەی زەمین و ئەو ئاوەی لە ڕێی باران و توانەوەی بەفرە و بەهۆی کونیلەی بەردەکانەوە دەچۆڕێتە ناو زەویەوە. پێکهاتە و جۆری بەردەکان ڕۆلی گەورەیان هەیە لە بڕو جۆری ئاوی ژێر زەوی چونکە کونیلەداری بەردەکان و جۆری خویی تواوە وایکردووە زۆرترین و باشترین جۆری ئاوی ژێر زەوی پێک بهێنن.( محمدامین، ٢٠١٤، لا١٥٧) بە چەند ڕێگایەک دەتوانین ئاوی ژێر زەوی دەربهێنین کە بریتین لە (بیر و کارێزەکان و سەرچاوەی کانیاوەکان)

کارێزیش بە یەکێک لە ڕێگە کۆنەکانی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە پێناو دابینکردنی پێداویستیە هەمە جۆرەکانی دانیشتواندا لێدەدرێت. سەبارەت بە کارێزیش ڕێگەیەکی زۆر کۆنە بریتیە لە کۆمەڵە بیرێک بەهۆی هەندێ جۆگەوە بەستراوەنەتەوە و ئاستی هەریەکەیان لەوەی پێش خۆی نزمترە ماوەی کەمتر لە (٢٠)مەتریان لە نێوان دایە. تایبەتمەندیە جیۆلۆجیەکان ڕۆلی خۆیان لە زۆری سەرچاوەی کانیاوەکان گێڕاوە، زۆری درز و قلیش و بەردە شکاوەکان هۆکاری یاریدەدەرن بۆ بڵاو بوونەوەی سەرچاوەکان، سەرەڕای نزیکی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەگەڵ ڕووی زەوی.


ناحیەی مەزنێ چەندین سەرچاوە و کانیاو و بیریلێیە کە دانیشتوانی سودی لێوەردەگرن بۆ پیداوستیەکانیان و کشتوکاڵ کردن هەر لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە هەندێ کانیاوی لێیە کە بەهۆی ناوەڕۆکە کیمیاییکەوە بۆ نەخۆشی بەکاردێن وەک کانی(مام ڕەش)لە گوندی شێرۆکیان.بەلام ناوچەی لێکۆڵینەوە سود لە ئاوی ژێر زەوی وەر ناگرێت بۆ بەربوومی دانەوێڵەی گەنم و جۆ چونکە پشت بە ئاوی بەفرو باران دەبەستێت.

ب ـ ئاوی سەر زەوی

لە ئاوی ڕووبارەکان و زەریاچەکان پیک هاتوون هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە دەوڵەمەندە چونکە ڕووباری دیجلە و هەر پێنج لقەکەی بە زەویەکاندا تێدەپەڕن.( غەفور، ٢٠٠٥، لا ٨٧)لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەند ڕووبارێکی بچوک و جۆگەیەکی لێیە کە پشت بە ئاوی بەفر و باران دەبەستن کە بریتین لە ڕووباری (لێدەر و کەونەگوند)بەکەم بارین و زۆر بارینی بەفر و باران گۆڕانکاری لە زیاد بوون و کەم بوونیان ڕوودەدات هەروەها لقە ڕووباری (سارداو) کە سەرچاوەکەی لە ئاوی باران و بەفرە تواوەکەی چیای قەلەندەرە بەڵام هەمیشەیی نیە و لە وەرزی هاوین وشک دەبێت.

نەخشەی ژمارە(٢)

دەرامەتی ئاو لە ناوچەی لیکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی Gis، ٢٠٢٠.

**٢. ١ ـ ٤ خاک**

خاک بریتیە لە چینێکی تەنکی هەڵوەشاوە کە تاوێرەکانی بەرگی بەردینی داپۆشیوە و ئەستووریەکەی لە نێوان چەند سانتیمەترێک یان چەند مەترێک دایە، خاک لە ماوەی چەند ساڵێکی کورتد دروست نابێت بەڵکو چەندان سەدەی پێوستە بۆ نموونە دروستبوونی (٢,٥)سم لە خاک پێوستی بە (٣٠٠تا ٩٠٠)ساڵ هەیە، خاک بەردەوام لەپەرە سەندن دایە لە ئاکامی کردارەکانی کەشکاری و کارلێکە کیمیاوی و فیزیایی و زیندەگیەکانەوە دروست دەبێت. (قارەمان، ، ١٩٩٧، لا٨٠) جۆری تاوێر و توخم و کانزاکان ڕۆلی هەیە لە دیاریکردنی ڕێژەی بە پیتی خاکەکە و دەوڵەمەند بە مادده کانزاییەکانی ناو خاک هەتا تاوێری ناوچەکە هەمە جۆر بێت خاکی ناوچەکە بەپیت تر دەبێت وە ئەگەر خاکێک هەمیشە یەک جۆر کشتوکاڵی تێدا بکرێت بەپیتی خۆی لە دەست دەدات بەهۆی لە دەست دانی ماددەی ئەندامی و کانزایی.( محمدامین،٢٠١٤، لا١١١) بیورینگ کە پسپۆرێکی هۆڵندیە لە ساڵی ١٩٦٠

خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان پشکنینی و جیای کردەوە و بۆ شەش ناوچە لەوانە (خاکی کەستانەیی، خاکی لیسۆسۆل، خاکیت چیاکان، خاکی چیرنۆزم، خاکی قاوەیی سۆرک، خاکی قاوەیی تێر.

خاکی ناوچەی لێکۆلینەوەش ڕێژەی خوێی کەمە کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ جوتیاران دروست ناکات، ئەمەش خاڵکی گرنگە بۆ کشتوکاڵ کردنی دانەوێڵە بە تایبەتی گەنم و جۆ چونکە ئەو خاکەی گەنم و جۆی لێ دەچینرێت پێوستە کەم خوێ بێت.

**٢. ١. ٥ تیشکی خۆر**

بە بەرز بوونەوە لە ئاستی رووی دەریا تیشکی خۆر کەم دەکات بەهۆی زیاد بوونی ڕێژەی هەور لەبەرزایەکاندا کە دەبێتە هۆی بەربەست لە بەردەم بەشێک لە تیشکی خۆر وە ئاراستەی ڕووی چیاکان پەیوەندی هەیە بە ماوەی دەرکەوتنی خۆرەوە ئاراستەی باشوری چیاکانی نێوگۆی باکور بڕێکی زیاتریان لە تیشک پێ دەگات چونکە بە درێژایی ڕۆژرویان لە خۆرە.( سمۆر، غانم،٢٠١٢، لا٦٠)

## ٢. ٢ بنەما مرۆییەکانی کشتوکاڵ کردنی دانەوێڵەی گەنم و جۆ لە ناحیەی مەزنێ

بنەما مرۆیەکانی بەربوومی دانەوێڵە کاریگەری مرۆیی لە هەر ناوچەیەک لە هەرێمی کوردستان وەستاوە لەسەر زیاد بوونی دانیشتوان و چالاکیەکانیان لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵ لەوەڕاندن و دابارین بە شێوەی ژیرانە و زانستیانە کە بگونجێت لەگەڵ هەڵ و مەرجی سروشتی ناوچەکەدا مرۆڤ یەکێکە لە کۆلەکە سەرەکیەکانی کرداری بەرهەمهێنانی زەوی و ئامێر و کەرستەی خاو لەگەڵ مرۆڤدا بازنەی بەرهەمهێنان تەواو دەکەن و مرۆڤ خۆی دروستکەری ئامێرەکە کەرستەی خاو دەر دەهێنرێت و لە هەمان کاتدا هێزی کارە ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەرامەتە مرۆییەکان ڕۆلی گەورە دەبینین لە کرداری بەرهەم هێنان و گرنگیەکەشی کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە شێوازی زانستی و تەکنەلۆژیا لە بواری کشتوکاڵی بەکار بهێنرێت ئەم بنەمایە زۆر فاکتەر لە خۆ دەگریت هەندێکیان پۆزەتیڤ و هەندێکیان نەگەتیڤە دەبیتە کۆسپ لە بەردەم بەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا.(حمدامین، ٢٠١٤،لا ٢٤٣-٢٤٤)

**٢. ٢. ١ دانیشتوان و هێزی کار**

لە سەیرکردنی سروشتی چالاکی هەر ناوچەیەکدا پێوستە کە بایەخ و کاریگەری هێزی کارکەر لەسەرجەم چالاکیەئابووریەکان لەبەر چاو بگیرێت چونکە بەبێ بوونی هێزی کارکەر چالاکیەکان دەرناکەون و سامانەکان وەبەر ناهێنرێن بۆیە بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە چالاکی کشتوکالیدا لە رێگای زانینی قەبارەی هیزی کارکەریش دەکرێت چری ئیشکردن لە یەکەیەکی ڕووبەر لە هەر ناوچەیەک بزانرێت. (سەعید، ٢٠١٣،لا ١٢٦)

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو نزم بوونەوەی ژمارەی گوندنشینەکان لە هەرێمدا ئەنجامی پیشکەوتن و گەشەکردنی کەرتی ئابووری و بواری کشتوکاڵی بەکارهێنانی شێوازی تەکنەلۆژیای نوێ و بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی نەبوو، بەڵکو لە ئاکامی گرتنەبەری سیاسەتی

تایبەت بووە لە بارەی گوندەکانی بە گواستنەوەی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ئەو ئۆردوگای زۆرە ملی و شارەکان لەلایەکی ترەوە جیاوازی ئاستی گوزەران و شێوازی ژیان لە نێوان شار و گوندەکاندا وایکردووە زیاد بونێکی ئاشکراو دیار لە ڕێژەی شار نشین لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان هەستی پێ دەکرێت. دەستی کار تەنیا لایەنی هێزی بازوو ناگرێتەوە بەڵکو هێزی بیریش دەگریطەوە واتا نابێت جوتیاران تەنیا کەسانێکی نەخوێندەواری ناو گوندەکان بن بەڵکو دەبێت شارەزا بێت لە دەردە کشتوکاڵیەکان.(محمدامین، ٢٠١٤،لا ٢٤٦)

**٢. ٢. ٢ سەرمایە**

سەرمایە دوو جۆرە (سەرمایەی نەختی و سەرمایەی بەرهەمهێنان) سەرمایەی نەختی بریتیە لە دراوی گرانبەهایەکان کە بەکاردەهێنرین بۆ کڕینی ئامێر و کەل و پەل و ئەو زانستە کشتوکاڵیەنە کە لە ناوەخۆ ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێن.سەبارەت بە سەرمایەی بەرهەم هێنانیش سەرجەم ئەو ئامێر و ئامرازانە دەگرێتەوەکە بەکاردێن بۆ پێشخستنی سیستەمی کشتوکالی.(سەعید، ٢٠١٣،لا ١٢٧-١٢٨) گۆڕانێک لە شێوازی کشتوکاڵیدا دروست بوو ئەویش بریتی بوو لە پەرەپێدانی شێوازی نوێ و هاوچەرخ لە بەرهەمهێنانی بەربوومی کشتوکالیدا کە دیارە لێرەدا سەرمایە دەتوانێت ئەو ڕۆلە ببینێت بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە دوای شالاوی ئەنفال و لەناو بردنی سەرجەم گوندەکان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و کشتوکاڵ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وایکرد بەرهەمی کشتوکاڵی بەرەو لە ناوچوون بچێت و سەرجەم ئەو ئامێر و ئامرازە سەرەتایی و کەمانەی کە لە ناوچەکەدا هەبوون لە ناوچوون لەمڕۆدا کشتوکاڵی هاوچەرخ پێوستی بە بڕێکی زۆر لە سەرمایە هەیە بۆ دەستکەوتنی بڕ و جۆری گونجاو لە بەرهەمی کشتوکالی کە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە هەر لە کڕینی تۆ و بۆ چاندن و ئامێر و ئامرازی کشتوکاڵی و دابین کردنی پەینی کیمیاوی و پێدانی کرێی کرێکار و قلاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵیەکان.(محمدامین، ٢٠١٤،لا ٢٤٤).

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە جوتیاران پێوستیان بە سەرمایە هەیە بۆ ساغ کردنەوەی بەر بوومەکانیان لە بازاردا کە خۆی دەبینێتەوە لە کرێی تۆ و کرێی کرێکار و کێڵان و گواستنەوەی بۆ بازاڕ و بنبڕکردن و قەلاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵیەکان کە ئەمەش پێوستە بە سەرمایەهەیە وە بە شێوەیەکی گشتی تاکو ئێستا حکومەت هاوکاری تەواوی جوتیارانی نەکردووە.

**٢. ٢. ٣ بازاڕ**

بازار کاریگەری ڕونی هەیە لەسەر دیاری کردنی بڕی بەرهەمهێنان بازار لایەنی دووەم دەنوێنی لە لایەنەکانی بەرهەمهینان لە هەمان کاتدا بازاڕ ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە بەربوومەکانی تێدا ساغ دەکرێتەوە، کەواتە دوا ئامانجی بەرهەم هێنان ساغ کردنەوەیە گومانی تێدانیە کە جوتیار زەوی دەچێنی بۆ بەدەست هێنانی دوو ئامانجە کە بریتین لە-:

أ- پڕکردنەوەی پێداوستیەکانی خۆی.

ب- فرۆشتنی ئەو بەشەی کە زیادە لە خۆی لە بازاڕدا بۆ بە دەستهینانی پارە بۆ تێرکردنی پیداوستیە ئابووریەکانی تری.

هەبوونی بازاڕ و نزیکی لە کێڵگەوە بەردەوامی لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی دەگەیەنێت بەڵام نەبوونی بازاڕکەم بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵیە بە شێوەی بەرچاو بەڵام پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە و دروستکردنی ڕێگە و بان یارمەتیەکی زۆری ناوچە کشتوکاڵیەکانی دا کە نزیک ببنەوە لە بازارەکان. بازار دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر جۆری یەکەم بازاڕی ناوەخۆ کە پەیوەستە بە ژمارەی دانێشتوان و توانای کڕین، هەر چەندە ژمارەی دانیشتوان زۆر بوو توانای کڕینیش بەرز بووە ئەوا بازار فراوان دەبێت بە پیچەوانەوە ئەوەش ڕاستە، جۆری دووەم بازاڕی دەرەکی کە پشت بە خەسلەتی و جۆری بەرهەم و نرخەکەی دەبەستێت. (سەعید، ٢٠١٣، لا ١٣٠)

**٢. ٢. ٤گواستنەوە و گەیاندن**


ڕێگا و بان فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەری زۆری لەسەر کەرتی کشتوکال هەیە لە ڕووی چەندین و چۆنیەتی سەرەڕای ئەوەی بوونی رێگاو بانی باش و پێشکەوتوو هۆکارێکە بۆ کەم کردنەوەی تێچوونی بەرهەم و گەیاندن بە بازاربەرزترین کات بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی زۆر خراپن. بوونی ڕێگاوبانی باش و قیرتاو لەم سالآنەی دواییدا تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر گەیاندنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکاندا هەبوو بۆ ناوەندە شارستانیەکان بە تایبەت سەنتەری پارێزگا و قەزاکان.(محمدامین، ٢٠١٤،لا ٢٤٦).

چالاکی گواستنەوە بە بڕبڕەی پشتی چالاکی ئابووری بەرهەمی کشتوکاڵی یان خزمەت گوزاری دادەنرێت کشتوکاڵی هاوچەرخ بەرەو پسپۆری دەچێت لە لقەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی هەمە جۆر دواتر پێوستی بە ئال و گۆڕی هەیە هەموو ئەوانە وا دەکەن کە پەیوەندیەکی بەهێز هەبێت لە نێوان پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئامادەکردنی تۆڕی هاتووچۆ و ئامرازەکانی گواستنەوە ئەگەر نەبوو ئەوا دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی کشتوکاڵ.(سەعید، ٢٠١٣، لا١٣٢(

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی شاخاوییە هاتوچۆی تێدا سەختە و ڕێگا و بانی پێشکەوتووی تێدا ئاسان نییە بۆیە تا رادەیەک دواکەوتووە هەر چەندە لەم ساڵانەی دوایدا چەندین ڕێگا بۆ گوندەکان دروستکرانەوە بەڵام هێشتا ڕێگاوبان کۆسپ و تەگەرەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و دەوروبەری کە ناوچەی شاخاوین.

نەخشەی ژمارە(٣)

ڕێگا و بان  لە ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی Gis، ٢٠٢٠.

### ٢. ٢. ٥سیاسەتی حکومەت

سیاسەتی کشتوکاڵ دەبێت لەلایەن ئەوە پیادە بکرێت بەبەشێک لە سیاسەتی گشتی حکومەت دادەنرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مەبەستیەتی لەم کەرتەدا دەکرێت وەسفی سیاسەتی کشتوکاڵی بکەین بەوەی کە (بریتیە لە کۆمەڵە ڕێوشوێنێک، کە حکومەت پێی هەڵدەستێت لە بواری کشتوکاڵی دا بۆ بەدەست هێنانی گەورەترین توانای خۆشگوزەرانی بۆ کرێکاران لە بواری کشتوکاڵیدا بۆ فراوان کردنی توانای بەرهەم هێنان لە ڕێگائ زیاد کردنی بەشداری هاولاتیان لە زیاد کردنی زەوی کشتوکاڵی هەروەها بۆ فراوانبوونی جۆری لە ڕێگای زیادکردنی بەرهەمی دۆنم و بەرهەمداری خودی جوتیار، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ساڵانی پێش راپەڕین ئەوەندەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو کە کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بەرەو نابوت بوون و لاواز بوون

بەرێت هیچ کاتێک هەوڵی باشکردنی ئەم کەرتەدا نەبوو بەمەبەستی لێدان لە شۆرەشی کوردبۆیە بەشێکی گرنگ لە دوا کەوتووی کەرتی کشتوکال پەیوەستە بە بڕیاری سیاسی حکومەتی عێراقەوە بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە دووبارە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان گەشەکردنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی کە شیاوی ئاماژە بۆ کردنە.هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری  هاوڵاتیانی گوندەکان لە کەرتی خزمەتگوزاری بە فەرمانبەران یان پۆلیس ڕۆلی نێگەتیڤانەی هەبوو.(محمدامین،٢٠١٤ ، ٢٤٧)

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە حکومەت تا رادەیەک هانی جوتیاریانی داوە بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵی بەرەوپیش بچێت ئەویش بە دابینکردنی (پارە بە شێوەی قەرزی درێژخایەن) وە دابین کردنی دەرمانی تایبەت بە بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، بەڵام ناتوانین بلێن سیاسەتی حکومەت سیاسەتێکی سەرکەوتوو بووە چونکە حکومەت دەیتوانی بە دابین کردنی چەند کارگەیەک سوود بە ناوچەکە بگەیەنێت لە رووی بەرهەمی ناوەخۆی وە ڕەخساندنی هەلی کار و کەم بوونەوەی ڕێژەی کۆچ کردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان.

## ٣- دابەشبوونی جوگرافی بەربوومی دانەوێڵەی (گەنم و جۆ)و گیروگرفتەکانی لە ناحیەی مەزنێ

### ٣- ١ دابەشبوونی جوگرافی بەروبوومی دانەوێڵەی (گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ

لەم تەوەرەدا هەولدەدەین باس لە دابەشبونی جوگرافی بەروبومی دانەوێلە ( گەنم و جۆ) بکەین بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، بەمەبەستی دەرخستنی بری بەرهەمەکانیان لە ناوچەی لێکۆلینەوە، ئەم بەرهەمانەش بەشێوەی جیاواز دابەشبوون بۆیە لە خوارەوە هەولدەدەین بەجیا باسیان بکەین:

**٣- ١- ١ گەنم**

بەربوومێکی زستانەیە لە وەرزی پایزدا دەچێنرێت بە درێژایی زستان لە گەشەکردنیدایە لە کۆتایی بەهاردا پێدەگات و لە سەرتایی هاویندا لە زۆربەی ناوچەکاندا دەدورێتەوە(سەعید، ٢٠١٣،لا ١٣٦) گەنم یەکێکە لەو بەربوومانەی کێڵگەکە بەشێوەیەکی فراوان لە کوردستاندا دەچێنرێت پانتایی ئەو زەویانەی بە گەنم تۆ دەکرێ بەرهەمی ساڵانەی ژمارەی کارکەرانی دوو تا سێ جار لە گشت بەرهەمەکانی دیکەی دانەوێلە زیاترە نرخی گەنم لە ژیانی کۆمەڵایەتی فەلکیدا گەلێک گرنگە چونکە لەلایەکەوە بەخۆراکی سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت لەلایەکی تریش بۆ بەدەست هێنانی سەرمایە. (غفور،٢٠٠٥،لا ٣٠٣).

ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە هەموو بەربوومەکانی تر ڕووبەڕی زەویان گرتووە بەڵام لەگەل ئەوەشدا ڕووبەری چێنراو بە بەربوومی گەنم کەمە چونکە ڕووبەرێکی زۆر زیاتر هەیە کە شیاوە بۆ چاندن.

خشتەی (١)

ڕووبەری چاندراو بە بەروبوومی گەنم لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠٢٠

| ژ | گوند | ڕووبەری داچێنراوە بە دۆنم | بڕی بەرهەم بە تەن |
|---|---|---|---|
| ١ | دەرێ | ٨٥ | ٣٠.٦٠ |
| ٢ | کونەمار | ٧٤ | ٢٦.٦٤ |
| ٣ | شێخان | ٢٢ | ٧.٩٢ |
| ٤ | لیرسماق | ٤٠ | ١٤.٤٠ |
| ٥ | مەزنێ | ١١١ | ٣٩.٩٦ |
| ٦ | زەندا | ١١٠ | ٣٩.٦٠ |
| ٧ | دێرانە | ٣٠ | ١٠.٨٠ |
| ٨ | کەونەگوند | ٢٠١ | ٧٢.٣٦ |
| ٩ | ناومێرگان | ٣٦ | ١٢.٩٦ |
| ١٠ | ئەشکەوتوان | ٢٠ | ٧.٢٠ |
| ١١ | خۆشکەل | ٣٠٥ | ١٠٩.٨٠ |
| ١٢ | قسنجار | ٢٢ | ٧.٩٢ |
| ١٣ | گۆرە | ٣٢ | ١١.٥٢ |
| ١٤ | شێتنە | ٤٠ | ٣.٦٠ |
| ١٥ | هەرماوە | ١٠ | ٤٣.٢٠ |
| ١٦ | نێرگزین | ١٢٠ | ٥.٤٠ |
| ١٧ | شێرۆکیان | ١٥ | ٢٧ |
| ١٨ | موساکوە | ٧٥ | ٢٧.٧٢ |
| ١٩ | سارداو | ٧٧ | ٤٧ |
| | کۆیی گشتی | ١٤٢٥ | ٧١٨٧ |

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای مێرگەسۆر، هۆبەی ئامار ساڵی (٢٠٢١).

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت لە سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە گوندی (خۆشکەل)بەپلەی یەکەم دێت لە چاندن کە ڕووبەرەکەی (٣٠٥) دۆنمە بڕی بەرهەمەکەی (١٠٩،٨)تەنە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەم گوندە بەراورد بە گوندەکانی تر زۆربەی ناوچەکەی دەشتاییە و ڕووبەرەکەی زیاترە وە کاری ئاژەڵداری زیاترە کە بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکار دەهێنی وە گوندی (هەرماوە)کەمترین دانەوێلەی گەنمی لێدەچێنرێت کە ڕووبەرەکەت (١٠)دۆنمە و بڕی بەرهەمی گەنمی (٣،٦)تەنە وە هۆکاری کەمی

بەرهەمەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەو زەویانەی دەکرێنە گەنم کەمن. لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەگشتی لە ساڵی (٢٠٢٠)ڕووبەری (١٤٢٥)دۆنم کراوە بە گەنم بڕی بەرهەمەکی ٤٧١٨٧ تەن بەرهەمی گەنمە.

**٣. ١. ٢ جۆ**

ئەم بەرهەمە وەک گەنم بەرهەمێکی زستانەی گرنگە زۆربەی کات لەگەڵ گەنم بە شێوەیکی فراوان دچێنرێت تەنانەت لەو ناوچانەش کە ڕادەی بارانیان کەم و خاکەکەشیان کەم پیتە چونکە وەکک ئاشکرا بەجۆ لە گەنم زیاتر بەرگەی کەم ئاوی دەگرێ گرنگی جۆ لەوە دەردەکەوێت کە مادەیەکی سەرەکیە بح ئالفی ئاژەڵ و وەک خۆراک بۆ مرۆڤ بەکار دێت، چاندنی جۆ جیاوازیکی ئەوتۆی لەگەڵ نیە لە نیوەی دووەمی ترشرینی یەکەم تاوەکو نیوەی تشرینی دووەم لە پاش بارانی (پەلە) دەچێنرێت بە دیاژیی زستان گەشە دەکات و لەبەهاریشدا پێدەکات واتە لە کۆتایی مانگی مایس سەرتایی مانگی حوزەیران دروێنە دەکرێت.(سەعید، ٢٠١٣، لا١٤٦-١٤٨)

جۆ چاندن لە کوردستان زۆرباوە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کەمتر بۆ گەنم دەست دەدەن جۆ لە ڕووی بەرهەمی ساڵانە و لە رووی بەکارهێنای بۆ خواردن و لە ڕووی سەرمایە و قازانجەوە دوای گەنم دێت.( غفور، ٢٠٠٥، لا٣٠٤)

خشتەی ژمارە (٢)

ڕووبەری چاندراو بە بەرووبومی (جۆ) لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی ٢٠٢٠

| ژ | گوند | ڕووبەری داچێنراوە بە دۆنم | بری بەرهەم بە تەن |
|---|---|---|---|
| ١ | دەرێ | ١٠ | ٣.٢٠ |
| ٢ | کونەمار | ٢٠ | ٦.٤٠ |
| ٣ | شێخان | ٨ | ٢.٥٦ |
| ٤ | لیرسماق | ٩٩ | ٣١.٦٨ |
| ٥ | مەزنێ | ٢٧ | ٨.٦٤ |
| ٦ | زەندا | — | — |
| ٧ | دێرانە | ١٠ | ٣.٢٠ |
| ٨ | کەونەگوند | ٢٧ | ٨.٦٤ |
| ٩ | ناومێرگان | ٤ | ١.٤٤ |
| ١٠ | ئەشکەوتوان | ١٦ | ٥.٧٦ |
| ١١ | خۆشکەل | ٢٠ | ٦.٤٠ |
| ١٢ | قسنجار | ٥ | ١.٦٠ |
| ١٣ | گۆرە | ١٠ | ٣.٢٠ |
| ١٤ | شێتنە | ٥ | ١.٦٠ |
| ١٥ | هەرماوە | ٤ | ١.٤٤ |
| ١٦ | نێرگزین | ١٥ | ٤.٨٠ |
| ١٧ | شێرۆکیان | — | — |
| ١٨ | موساکوە | ١٠ | ٣.٢٠ |
| ١٩ | سارداو | ١٢ | ٣.٨٤ |
| | کۆیی گشتی | ١٤٢٥ | ٩٧٦٠ تەن |

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای مێرگەسۆر، هۆبەی ئامار ساڵی (٢٠٢١).

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە گوندی (لێرسماق) بە پلەی یەکەم دێت لە بەرهەمی چاندنی (جۆ) لەبەر ئەوەی ئەم گوندە زیاتر گرنگی باکری ئاژەڵداری دەدەن بۆ بەرهەم هێنانی (جۆ) بۆ ئاژەڵەکان، وە گوندەکانی (شێتنە و قسنجار) کەمترن بری بەربوومی جۆیان لێدەچێنرێت بەهۆی ئەوەی کە ئەو زەویانەی دەکرێنە جۆ ڕووبەریان کەمە ولە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕووبەری (٣٠٢)دۆنم داچێنراوە بە بەرهەمی کشتوکاڵی جۆ کە بری بەرهەمەکەی (٩٧٦٠)تەن بەرهەمی جۆیە.

## ٣ـ ٢ گیر و گرفتەکانی بەربوومی دانەوێڵە(گەنم و جۆ) لە ناحیەی مەزنێ

لەم تەوەرەدا هەولدەدەین باس لە گرنگترین ئەو گیرو گرفتانە بکەین کە دوچاری بەرهەم هێنانی دانەوێلەی گەنم و جۆ دەبنەوە، کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر بری بەرهەم هێنان لەگرنگترین ئەو گیرو گرفتانەش بریتین لە :

### ٣ـ ٢ـ ١ گیرو گرفتە سروشتیەکان

گیروگرفتە سروشتییەکان لە کاتی بەرهەم هێنانی بەروبومی کشتوکالی بەگشتی و بەرهەم هێنانی دانەوێلە بەتایبەتی رۆلێکی کاریگەرییان هەیە لە کەمبونەوەی بری بەرهەم ئەم گیروگرفتە سروشتییانەش بریتین لە :

**أـ باران بارین**

زۆربەی بەربوومی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بەشێوەی دێم دەچێنرێت لەبەر ئەوەوە پەلە دان لە کاتی پێوستی خۆی یەکێک لە گیروگرفتە سەرکیەکان پێک دەهێنی جاری وا هەیە باران پیش کاتی خۆی دەبارێت دەغل و دان بە تەواوی سەوز دەبێ لە دوای دابارین دبرێ یاخود باران نابارێ هەتا کاتێکی درەنگ و لە پاشان دەبارێ بەڵام لەکاتی گەشەکردن و نەشونما کردنی بەسەر چووە بۆیە دەغلودانەکە بە تەواوی گریا ناکاوێ شیر لە گوڵەکانیدا دروست بکا و تا لە پرکاتی دروێنە کردن دێت. یاخود بارانێکی زیاد لە پێوست دەبارێ و دەغلودان توشێ نەخۆشی ژەنگ هێنان دەبێت ئەمانە هەموویان کار لە کەم و زۆری بەرهەمی گەنم و جۆ دەکەن(غفور، ٢٠٠٥، ل٣٣٧).

**ب ـ خاک**

گرفتێکی گەورەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی دانەوێلەیە چونکە هەموو ساڵێک ئەم خاکە دەچێنرێت و دەبێتە هۆی ماندوو بوونی خاکەکە وە بەپیتی خۆی لە دەست دەدات(حاجی عزیز، چاوپێکەوتن).

**ت ـ دەرد و نەخۆشیەکان**

بەربوومی کشتوکاڵی توشی چەندین نەخۆشی سروشتی دەبن کە لە ئەنجامدا بەشێ یا هەموو بەرهەمی ساڵەکە دەفەوتێت ئەمەش لەلایەکەوە بە دەوری خۆی کار لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی جوتیارەکان دەکا و لەلایەکی تر کار لە بودجەی سالانەی دەولەت دەکات.

گرنگترین نەخۆشیەکان ئەمانەن:

١. ژەنگ

بەسامناکترین نەخۆشێ دەغلو دان دادەنرێت باران بارینی ناوەخت بە گەورەترین هۆی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیە زانراوە نەخۆشی ژەنگ نەک تەنها تووشی دەغل ودان دەبێت بەڵکو توشی بەربوومەکانی تریش دەبێت وەک لۆکە، توتن و گەنمەشامی.

٢. مێش و مەگەزی زیان بەخش

زیانی ئەم گیانلەبرانە لەبەرهەمی کشتوکاڵی لە زیانی نەخۆشی ژەنگ کەمتر نیە ئەمانیش دووجۆرن.

أ- ئافات:- وەکو ئەسپی وایە، ئەسپێ ئاسایی مێش بایەخۆر.

ب-کلۆی مەراکیش و مشکە کوێرە سونەی گەنم سن و کیسەل کە زیانەکانیان مژینی ناوکی ڕووەک و قەدکردنیان دەبێە هۆی سست بوونیان لە گەشەکردن هەندێک جار دەبێتە هۆی وشک بوون. (غەفور،٢٠٠٥، ل٣٣٨).

**٣. ٢. ٢ گیروگرفتی مرۆیی**

١ -بوونی دەرفەتی دامەزراندن خەڵکێکی زۆر دادەمەزرێن بە مووچەیەکی کەمیش ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە دابەشکردنی ئازووقەش کاریگەری لەسەر کەم بوونەوەی دەستی کاری کشتوکاڵی هەیە.

٢ -نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو گەورەی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی تەواو ڕۆلی خۆی نابینێت.

٣ -نەبوونی بنکەی بەرهەم هێنانی تۆی باش.

٤ -سەرەڕایی کەمێ و گرانی پەینی کیمیاوی و شێوازی زانستی پیادەناکرێت لەبەکارهێنانیدا.

٥ -نەمانی هێزی کار کە لەم بوارە کاردەکەن بەهۆی دامەزراندنیان لە بوارەکانی تر لەلایەن حکومەتەوە.

٦ -بەرزی تێچووی بەرهمە کشتوکاڵیەکان بەهۆی ڕێگای کۆن لەبەرهەمهێنان.

٧ -کەمبوونەوەی زەوی کشتوکاڵ بەهۆی فراوان بوونی ڕووبەری شارەکان لەسەر حسابی باشترین زەوی کشتوکاڵ.

٨- داچاندنی ئەو زەویانەی کە بارانیان ڕادەییە واتە بارانیان لە (٣٠٠)ملم کەمترە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەش کردنی ئاژەڵ لەو لەوەرگای باش و فراوان.(کامەران تاهیر، ١٧٠)

# دەرەنجام

لە کۆتا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پیگەیشتووە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ -ناحەی مەزنێ یەکێکە لە ناحیەکانی قەزای مێرگەسۆر ناوچەیەکی شاخاویە سەر بە پارێزگای هەولیرە.

٢ -ڕووبەری چێنراوی بە گەنم بریتیە لە ١٤٢٥ دۆنم وە ڕووبەری چێنراوی بە جۆ بریتیە لە ٣٠٢ دۆنم بەڵام ڕووبەری شیاوی بۆ ئەنجامدانی کشتوکاڵ ٦٥٠٠ دۆنمە.

٣ -ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر کە بارانی پێوستی بۆ بەربوومی گەنم و جۆ لێدەبارێت.

زۆربەی ئەو برە بەرەمەی کە بەرهەم دێت بۆ پێداوستی ناوەخۆ بەکاردێت بە بەشێکی بازرگانی پێوە دەکرێت.

٥- ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی شاخاویە بۆیە ناوتوانرێت بە ئاسانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان بەکاربهێنرێت.

# پێشنیار

لەسەر بنەمای گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە چەند پێشنیارێک دەخەینە روو لەوانە :

١- پێوستە حکومەت گرنگی بە دامەزراندنی کارگەکان بدات بۆ زیاتر بەرەو پیش چوونی کەرتی کشتوکاڵی و دابین کردنی هەلی کار و کەم کردنەوەی کۆچ کردن لە گوندەکان بۆ شارەکان.

٢ -ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەیاندنی خزمەت گوزاری بە تایبەت ڕێگاکانی هاتوچۆ.

٣ -کار ئاسانی حکومەت بۆ دابین کردنی ئامێرە کشتوکاڵیەکان و هاوکاری کردنیان لە ڕووی سوتەمەنیەوە.

٤ -پێوستە حکومەت خولی شارەزایی بوونی جوتیار بکاتەوە لە لایەن پسپۆرانی شارەزایی کشتوکاڵی.

٥ -قەرەبوو کردنەوەی جوتیار لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتیەکان وەک نەخۆشی و سوتان.

٦- دابەش کردنی پەین و تۆ بە نرخێکی گونجاو.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### أ ـ پەرتوک بە زمانی کوردی


١ـ عبداللە غفور ، جوگرافیای باشووری کوردستان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٢ـ زریان شێخە ئەحمەد ، ناحیەی وەرتێ لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠١٧.

٣. حسام الدین جاد الرب، جوگرافیای ئاسان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، .٢٠١٥

٤ـ حسن ابو سمۆر ، ، دەروازەیەک بۆ زانستی جوگرافیای سروشتی،وەگێرانی علی ئەحمد غانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٢.

٥ـ کامەران تاهیر سەعید ، جوگرفیای (مرۆیی و چالاکی ئابووری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٣.

٦ـ علی احمد غانم ، جوگرافیای ئاو و هەوا، وەرگێرانی : طؤران رشید ئیمامی، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،٢٠١٤.

٧ـ عبداللە غەفور ، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

٨ ـ لەیلا محمد قارەمان ، خاکی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.

٩ـ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٨.

١٠ـ هاورێ یاسین محمدامین ، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی سییەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.

**ب ـ ماستەرنامە بە زمانی کوردی**

١. هۆگر جمیل ئەحمەد، دابەشبونی جوگرافیای دانیشتوانی قەزای سۆران و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لادێیی، ماستەرنامە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆس سەلاخ الدین، هەولێر، ٢٠١١.

٢. ساسان حکمت علی ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە چارێزگای هەولێر ، ماستەرنامە ، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین کردووە ، ٢٠٠٥ .

**دووەم : دامودەزگای حوکمی**

١ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر، هۆبەی ئامار ساڵی ٢٠٢١.

٢. حکوممەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی ئاوەدانکردنەوە، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی مێرگەسۆر، بەشی مولکایەتی ، ٢٠١٩. بلاونەکراوە.

**پێنجەم : چاوپێکەوتنەکان**

١ـ چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز ( حاجی عزیز عبدالرحمان،جوتیار لە ناوچەی لێکۆلنەوە،چوارشەممە، ٢٠٢١/٢/٣، ناحیەی مەزنێ ، کات ٢ی نیوەرۆ.

٢. چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز (حەلیمە حدو وسو) کەسایەتی ناوچەکە، دووشەممە، ٢٠٢١/١/٢٥، گوندی شێرۆکیان، کات ١٠ی بەیانی.

٣. چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز (میرزا قادر)، موختاری گوندی ئیسقیل ، رۆژی یەک شەممە، ٢٠٢١/٣/٧، ئیسقیل، کات ٣ی نیوەرۆ.

٤. چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز (ئەمیر کەریم عزیز)، فەرمانبەر لە شارەوانی مەزنێ، رۆژی سێشەممە، ٢٠٢١/٢/٩، شارەوانی مەزنێ، کات ١١ی بەیانی.